# وانەی ٨٤: عیسا لە خاچ دەدرێ

مەتا ٢٧، مارقۆس ١٥، لۆقا ٢٣، یۆحەنا ١٩

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە عیسایان دەستگیر کرد، و ڕاپێچیان کرد بەرەو ماڵی کاهینی باڵا لەو شەوەدا، و بە شایەتی درۆ حوکمیان دا و بردیان بۆ لای پیلاتۆس، دەسەڵاتداری خاکەکە، تاکو بتوانن لە خاچی بدەن. سەربازەکان زۆر بە خراپی بە قامچی لە عیسایان دا، وا پاشان بەسیم تاجێکیان درووست کرد و خستیانە سەری، گاڵتەیان پێ دەکرد و پەلاماریان دەدا و تفیان لێ دەکرد و بەدار لەسەریان دەدا. بەو شێوەیە، نەوەکانی ئادەم حاشایان لە ڕاستودرووستەکە کرد، پەروەردگار شکۆداری، کەوا لە ئاسمانەوە هاتبوو. ئەو خەڵکەی عیسایان ئازار دا ووشەکانی پێغەمبەرانیان ناناسی، لەگەڵ ئەوەشدا ووشەکانی پێغەمبەرانیان جێ بە جێ دەکرد کەوا ڕایگەیاندبوو مەسیح دەبێت ئازار بچێژێ بەم شێوەیە بەدەستی گوناهباران.

ئێستا بەردەوام دەبین لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسای مەسیح ئازاری چێژت و مرد لەسەر خاچەکە، و بەو شێوەیە پلانی مەزنی خودا بۆ ڕزگار بوون جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەرەکانی زۆر لەوە پێش ڕایانگەیاندبوو. پێش ئەوەی دەست بە وانەی ئەمڕۆ بکەین، پێویستە بزانیت کە کاتی عیسا لەسەر زەوی ژیا، حکومەتی ڕۆمانی جۆرە خەلکێکی تاوانباری لەسێدارە دەدا بە هەڵواسینیان بە بزمار لەسەر ستوونن یاخود دار یاخود خاچێکی درووستکراوی تایبەت. ئەم مردنە پێی دەوترێ لە خاچ دان. ئەم مردنە زۆر بە ئازار و شەرمەزارییە بۆ خراپترین تاوانباران هەڵگیرابوو.

ڕەنگە تۆ بپرسیت بۆچی خودا بڕیاری دەرکرد کە مەسیحی ڕاستودرووست مردنێکی ئاوا بە ئازار و شەرمەزاری بمرێت. هۆی ئەوەی عیسا دەبوایە مردنێکی ئاوا سامناك بمرێت چونکە گوناه تاوانێکی سامناکە. گوناه کێشەی جیهانە. ئێمە هەموومان گوناهبارین و گوناهەکانمان ئیهانەیە بۆ خودای پیرۆز و ڕاستودرووست! ئەگەر خودا لە گوناهەکانی من و تۆ خۆش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەرچێ، ئەو کاتە خودا دەبێ دادوەری گوناهەکانمان بکات بە دادوەریەکی تەواو و دادپەروەرە. خودا ناتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت بە هەر شێوەیەك بێت. خودا دادوەرێکی ڕاستودرووستە و دەبێت هەموو گوناهێك بە باشی سزا بدات. سزای گوناه مردنە و ئاگری تاهەتایی دۆزەخ. وا ئەو سزایەش دەبێت بە تەواوی بدرێت. مزگێنیە خۆشەکە ئەوەیە خودا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودرووستی بۆمان ناردووە بۆ ئەوەی سزای تەواوی گوناهەکانمان بداتەوە. عیسا ئەو ڕزگاری دەرە ڕاستودرووست و باڵادەستەیە. ئەو هات تاکو ڕزگارمان بکات لە توڕەیی خودا کەوا دەبێت بەسەرماندا بێت لەبەر گوناهەکانمان.

ئێستاش بە دڵ و بە گیان، بخوێنەوە کاتێ لە ئینجیل چیرۆکی پیرۆزی عیسا و مردنی لەسەر خاچ دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١٩) [١٦] ئیتر (پیلاتۆس) دایە دەستیان تاکو لە خاچ بدرێت. ئەوانیش عیسایان برد. [١٧] بە خۆی خاچەکەی هەڵگرتبوو، دەرچوو بۆ ئەو شوێنەی پێی دەووترێ شوێنی کاسەسەر، بە عیبریش پێی دەووترێ گولگۆسا.

(لۆقا ٢٣) [٢٦] کاتێ بردییان، شیمۆنی کورێنییان گرت کە لە کێڵگە دەهاتەوە، خاچەکەیان خستە سەری تاکو بەدوای عیساوە هەڵیبگرێت. [٢٧] حەشاماتێکی زۆری خەڵک و لەو ژنانەی شینیان دەکرد و بۆی دەگریان دوای کەوتن... [٣٢] دوو تاوانباری دیکەشیان هێنا تاکو لەگەڵ ئەودا بکوژرێن. [٣٣] کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەسەر ناودەبرا، لەوێ لەگەڵ تاوانبارەکان لە خاچیان دا، یەکێک لەلای ڕاستی و ئەوی دیکە لەلای چەپ. [٣٤] عیساش وتی: (باوکە، لێیان خۆش بە، چونکە نازانن چی دەکەن.)... [٣٥] خەڵکەکە ڕاوەستابوون سەیریان دەکرد، سەرۆکەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانووت: (خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی خودایە، بژاردەکەیە، با خۆی ڕزگار بکات!) [٣٦] سەربازانیش دەهاتنە لای گاڵتەیان پێ دەکرد، سرکەیان بۆی ڕادەگرت، [٣٧] دەیانووت: (ئەگەر تۆ پاشای جولەکەیت، خۆت ڕزگار بکە!)

(یۆحەنا ١٩) [١٩] پیلاتۆسیش ناونیشانێکی نووسی و لەسەر خاچەکەی دانا، نووسرابوو: (عیسای ناسیرەیی، پاشای جولەکە.) [٢٠] جولەکەیەکی زۆر ناونیشانەکەیان خوێندەوە، چونکە ئەو شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درابوو لە شار نزیک بوو. بە عیبری و بە لاتینی و بە یۆنانی نووسرابوو. [٢١] کاهینانی باڵای جولەکە بە پیلاتۆسیان وت: (مەنووسە: پاشای جولەکە، بەخۆی وتی: من پاشای جولەکەم.) [٢٢] پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: (ئەوەی نووسیومە، نووسیومە.) [٢٣] کاتێک سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا، جلەکانیان برد و کردیانە چوار پارچە، بۆ هەر سەربازێک پارچەیەک. کراسەکەشیان برد، کراسەکە بێ دروومان بوو، لەسەرڕا یەک پارچە چنرابوو.

[٢٤] بۆیە بە یەکتریان وت: (با نەیدڕێنین، تیروپشکی لەسەر دەکەین بۆ کێ دەبێت.) تاکو نووسراوەکە بێتە دی کە فەرموویەتی: {جل‌وبەرگەکەی منیان لەنێو خۆیان بەشکرد و تیروپشکیان لەسەر بەرگەکەم هاوێشت.} جا سەربازەکان ئەمەیان کرد.

(لۆقا ٢٣) [٣٩] یەکێک لە تاوانبارە هەڵواسراوەکان، کفری دژی دەکرد و دەیووت: (ئایا تۆ مەسیح نیت؟ دەی خۆت و ئێمەش ڕزگار بکە.) [٤٠] ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی کرد: (لە خودا ناترسی، کە تۆش هەمان سزات بەسەر دراوە؟ [٤١] سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە جیاتی کردارمانە وەری دەگرین، بەڵام ئەمە هیچ هەڵەی نەکردووە.) [٤٢] ئینجا وتی: (عیسا منت لەیاد بێت کاتێ لە شانشینەکەی خۆت دێی.) [٤٣] پێی فەرموو: (ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.)

(مارقۆس ١٥) [٣٣] بووە کاتژمێر دوازدە، تاکو کاتژمێر سێ تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو. [٣٤] لە کاتژمێر سێ، عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ({ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی؟}) واتا، {خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟} [٣٥] هەندێک لە ئامادەبووان گوێیان لێبوو، وتیان: (ئەوە بانگی ئەلیاس دەکات.)

[٣٦] یەکێک ڕایکرد و ئەسفەنجێکی لە سرکە هەڵکێشا و بەسەر قامیشێکەوە دایێ، وتی: (لێگەڕێن با ببینین ئەلیاس دێت دایبگرێت!)
(خەڵکەکە وایان ووت چونکە نەتێگەیشتن عیسا چی فەرمووی، و نەتێگەیشتن چی ڕووی دەدا.  هەموو خاکەکە بەتەواوی تاریك بوو — لە نیوەڕۆوە تاکو پاش نیوەڕۆ.  لەنێو ئەو کاتژمێرە تاریکانەدا خودا سزای گوناهەکانی هەموو نەوەکانی ئادەم خستە ئەستۆی ڕزگاری دەری پیرۆز، بۆ ئەوەی هەرکەسێك باوەڕی پێ بکات هەرگیز لەناو نەچێ!  تەنانەت ناتوانین سەختی ئازارەکانی عیسا بێنینە پێش چاومان کە لەباتی ئێمە چێژتی.)

(یۆحەنا ١٩) [٢٨] دوای ئەمە، عیسا زانی ئەوا هەموو شتێک تەواو بوو و تاکو نووسراوەکە بێتە دی، فەرمووی: (تینوومە.) [٢٩] گۆزەیەکی پڕ لە سرکە دانرابوو، ئیسفەنجێکی پڕ لە سرکەیان خستە سەر لقە زوفایەک و بەرزیان کردەوە بۆ دەمی. [٣٠] کاتێ عیسا تامی سرکەکەی کرد، فەرمووی: (تەواو بوو.) (لۆقا ٢٣) [٤٦] عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم.) ئەمەی فەرموو و ڕۆحی سپارد.

(مارقۆس ١٥) [٣٨] پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە تاکو خوارەوە شەقبوو و بووە دوو. [٣٩] ئەو سەرپەلەی بەرامبەر عیسا ڕاوەستابوو، گوێی لە هاواری بوو و بینی چۆن ڕۆحی سپارد، وتی: (بە ڕاستی ئەم مرۆڤە کوڕی خودا بوو!) [٤٠] چەند ژنێک لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، لەنێوانیاندا مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوبی بچووک و یوسی و سالومەیان لەگەڵبوو، [٤١] ئەمانە لە جەلیلەوە دوای عیسا کەوتبوون و خزمەتیان دەکرد، زۆری دیکەش لەگەڵی هاتبوونە ئۆرشەلیم.

(یۆحەنا ١٩) [٣١] ئینجا جولەکە داوایان لە پیلاتۆس کرد قاچی لەخاچدراوان بشکێندرێت و هەڵبگیردرێن، چونکە ڕۆژی ئامادەکاری بوو، ئەو شەممەیە ڕۆژێکی گەورە بوو، تاکو تەرمەکان لە شەممەدا لەسەر خاچ نەمێنن. [٣٢] ئینجا سەربازەکان هاتن و هەردوو قاچی ئەوەی یەکەم و ئەوی دیکەیان شکاند کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ درابوون. [٣٣] بەڵام کاتێ هاتنە لای عیسا بینییان وا مردووە، قاچییان نەشکاند. [٣٤] بەڵام یەکێک لە سەربازەکان ڕمێکی لە کەلەکەی دا، یەکسەر خوێن و ئاو دەرچوو. [٣٥] ئەوەی بینی شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە، خۆشی دەزانێت کە ڕاست دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن. [٣٦] ئەمە ڕوویدا تاکو نووسراوەکە بێتە دی: {هیچ

ئێسقانێکی ئەو ناشکێندرێت!} ٣٧ نووسراوێکی دیکەش دەفەرمووێ: {تەماشای ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێداوە.}

٣٨ پاش ئەوە یوسفی خەڵکی ڕامە کە لە ترسی جولەکە بە نهێنی قوتابی عیسا بوو، داوای لە پیلاتۆس کرد تاکو تەرمی عیسا بەرێت،
پیلاتۆسیش ڕێی دا. ئەویش هات و تەرمەکەی برد. ٣٩ نیقۆدیمۆسیش هات، ئەوەی یەکەم جار بە شەو هاتە لای عیسا. لەگەڵ
خۆی نزیکەی سی لیتر موڕی تێکەڵاو بە عودی هێنا. ٤٠ جا تەرمەکەی عیسایان برد و بە کەتان لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەک
نەریتی جولەکەیە لە کفن کردن. ٤١ لەو شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درا باخچەیەکی لێبوو، لە باخچەکەشدا گۆڕێکی نوێی لێبوو
کەسی تێدا نەنێژرابوو. ٤٢ لەبەر ڕۆژی ئامادەکاری جولەکە عیسایان لەوێ دانا، چونکە گۆڕەکە نزیک بوو.

بەڕاستی ئەوەی ئێستا خوێندمانەوە سەرسوڕهێنەرە! بینیمان چۆن نەوەکانی ئادەم قێزیان لە مەسیح بووەوە، کە پەروەردگاری ژیانە، و کوشتیان بە لە خاچ دانی. بەڵام ئەوەی دەبێت لە یادمان بێت ئەوەیە مردنی مەسیح جێ بە جێ کردنی پلانی ڕزگاربوون بوو کەوا خودا دایڕشت پێش ئەوەی جیهان بوونی هەبێ.

بینیمان پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێت؟ فەرمووی، (تەواو بوو.) بۆچی عیسا فەرمووی، (تەواو بوو.)؟ فەرمووی (تەواو بوو.) لەبەر ئەوەی کاری ڕزگاربوونی تەواو کرد. بەڕاستی، ئایینەکانی جیهان ناڵێن، (تەواو بوو!) ئەوەی ئەوان دەیڵێن (هیچ شتێك تەواو نەبووە! دەبێت خۆت ڕزگار بکەیت بە کردەوەی چاکی خۆت! دەبێت کار بکەی بۆ سڕینەوەی گوناهەکانت! دەی بەردەوام بە! ئیش بکە! هیچ تەواو نەبووە! ئەگەر بتەوێ بچیتە بەهەشت دەبێت ئیش بکەی، قوربانی بکەی، ئەرکەکانی ئایینی خۆت جێ بە جێ بکەی، نوێژ بکەی، بە ڕۆژوو بیت، جەستەی خۆت ئەزێت بدەی، هتد هتد!) ئەمە پەیامی ئایینە!

بەڵام مزگێنی خۆشی خودا بۆ مرۆڤ ئەمەیە: (تەواو بوو.) باوەڕ بێنە و ڕزگار بە! مەسیح قەردی گوناهەکانمانی داوە بە خوێنی خۆی! خوێنی عیسا دەتوانێ خراپترین گوناهباران پاك بکاتەوە و بگۆڕێ! ئەوە هۆی ئەوە بوو کە عیسا توانی بە تاوانبارەکە تۆبەکارەکەی دەمرد، (ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.) (لۆقا ٢٣: ٤٣)


ئەو ئیشەی دەتوانێ ڕزگارت بکات لە سزای گوناه بە تەواوی جێ بە جێ کرا. چی دی پێویستمان بە قوربانی کردنی بەرخ نیە وەك باووباپیرانمان کەوا لە پێش کاتی مەسیح ژیان دەیان کرد. عیسای مەسیح دوایەمین و تەواوترین قوربانی خودایە! هیچ شتێك بۆمان نامێنێتەوە تەنها باوەڕ هێنان بەوەی خودا گەواهی داوە سەبارەت بە مەسیح و قوربانییەکەی. (تەواو بوو.) عیسا پێش بینیەکانی پێغەمبەرانی جێ بە جێ کرد دەربارەی ئازار و مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودروست! حەفت سەد ساڵ پێش ئەوەی عیسا بێتە جیهانەوە، پێغەمبەر ئیشایا نووسی: ((مەسیح) گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا لەگەڵ دەوڵەمەند کاتی مردنی هەرچەندە ستەمکاری نەکرد و ساختەی لەسەر زاری نەبوو... ٥ بەڵام ئەو لەبەر ئەخیوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو تەمبێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە. هەموو وەک مەڕ وێڵ بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت پەروەردگاریش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.) (ئیشایا ٥٣: ٩، ٥، ٦ )

ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا کاری ڕزگارکردنی تەواو کرد کەو پێغەمبەرانی خودا دەربارەیان نووسی بوو؟ ئایا ئێستا تێدەگەی هۆی مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودرووست لەسەر خاچ چی بوو؟ من و تۆ هۆیەکەین! ئەو مرد لەبەر گوناهەکانمان، وەك بەرخێکی بێ عەیبی قوربانی. ئێمە شایەنی سزای تاهەتایین لە دۆزەخ، بەڵام خودا و بەبۆنەی خۆشەویستی مەزنی خۆی بۆ ئێمە عیسا نارد (کەوا بە ناوی کوڕی خۆشەویستی بانگی دەکات) تاکو ئازاری سزاکەمان بچێژێ و سزای گوناهەکانما بداتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئەمە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرمویێ: ( بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێک بوێرێت بمرێت. ٨ بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ سەلماندین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد!) (ڕۆما ٥: ٧، ٨) ( ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو لە ئەودا ببینە

ڕاستودروستی خودا.) (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

شکۆ بۆ خودای بە بەزەیی و میهرەبان... (تەواو بوو!) خودا هێمای قوربانی ئیبراهیمی هێنایە دی! لەبەر ئەوەی لە هەمان ئەو جێگایەی ئیبراهیم بەرخە بێ تاوانەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی، عیسا کوری خودا و ڕزگاری دەری بێ گوناە ڕێگای دا بکرێ بە قوربانی لە شوێنی ئێمە — (تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!) (یۆحەنا ٣: ١٦)

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەو ووشە قوڵ و بە هێزانەی عیسا ڕایگەیاند لەسەر خاچەکەوە پێش ئەوەی بمرێت، فەرمووی، (تەواو بوو.) (یۆحەنا ١٩: ٣٠)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێت؟
٢. بۆچی عیسا فەرمووی، (تەواو بوو.)؟
٣. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟
٤. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا کاری ڕزگارکردنی تەواو کرد کەو پێغەمبەرانی خودا دەربارەیان نووسی بوو؟
٥. ئایا ئێستا تێدەگەی هۆی مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودرووست لەسەر خاچ چی بوو؟